# کاره دڕندەکانی شێخ زانا و ئیسلام و کۆمەڵگە و میدیا



مەحمود محەمەد عوسمان هۆلندا
2005-08-26
M_o_osman@hotmail.com

زۆر جار ڕووداوەکان لەکاتی خوێدا بەقەت خوی قسەی لەسەر ناکەن ، وەیاخود هەندی لایەنی تر پاش ماوەیەک لێکۆلینەوەی لەسەر ئەکرێ . هەر ڕووداوی زادەی کات و شوێنی ئەو هۆ و بنەمانەیە کە کار لە یەک ئەکەن بەگوێرەی بێهێزی و بەهێزی لایەنەکانی کۆمەلگە . و هەموو بەشەکانی کۆمەلگە پەیوەستن بەیەکەوە ،ئیتر چی بە ئارەزوو بێت یان لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیاندا بێت ، و زۆر جاریش باسکردنی هەندێ ڕووداو پێویستی بە لێکۆلینەوەی زۆر قوول نییە بۆ سەرهەلدانی ئەو ڕووداوە ، وەیاخود کارتێکردنی ڕووداوەکە ڕەنگە ئەوەندە کار بکاتە سەر خەلکی سادە ئەوەندە کار نەکاتە سەر ڕۆشنبیران.

ڕووداوەکەی ئەم دواییەی هەولێر کە باڵێکی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی ئاشکرا بوو ، بووەتە قسەو باسی خەڵک و بابەتێکی بەردەوامە کە نووسەران و ڕۆشنبیران و کەسانی سیاسی قسەی لە سەر ئەکەن و دام و دەزگای ڕاگەیاندن بە ڕەسمی و نارەسمی بابەتی لەسەر بڵاو ئەکەنەوە و هەریەکێ لە ڕوانگەی خۆیەوە و چۆن بەرژەوەندی بەدی ئەکات لە گێرانەوەی .و ئەبێ زۆرتر قسەی لەسەر بکرێ و فراوانتر باسی ئەم کارە تیرۆرستە بکرێ و لەناو کێشمە کێشی کۆمەلگەوە باس لە هۆی سەرهەلدانی بکرێ .

ئەمە یەکەم ڕووداو نییە و بەم زوانەیش ئومێد ئەوە ناکرێ کە دوا کارەسات بێ وەیاخود دوا گروپی تیرۆربێت ، چونکە هەتا ئیسلامی سیاسی لە چالاکی خوی بێ و هەتا کۆمەڵگە ژیانی نۆرماڵی نەبێ و پێوەستییەکانی دابین نەکرابێ و هەتا دەسەڵاتیش پشت وپەنایان بێت و ئازادی لەهەموو ڕوویەکەوە نەپارێزی، ئەوا ئەمان و لەمانە توندتریش بەرهەم ئەهێنن . باندەکەی شێخ زانا وەک باڵێکی چەکدار کە بەردەوام بوونی بیر و بۆچوونی ئیسلامی سیاسییە بەشێوەیەکی تر، ئەوەندە کاری کردووتە سەر خەلکێکی سادە کە دوورن لە بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی یان لە بەکارهێنانی هۆی دەربرین بە میتۆدە هاوچەرخەکەی ، ئەڵێم ئەوەندە کاریتێکردووە هیچ ڕووداوێک ئەوەندە کاری تێنەکەدووە وێرای ئەوەی لە ڕووی فەوتاندنی جەسەد لە ڕووبەڕوونەوەدا ڕەنگە دەقاتی ئەمە زۆرتر ڕویدابێت ، وەک ئەو شەڕانەی کە لەسەر دەسەڵات و سەروەت وسامان کرا . بەلام ئەم کارە تیرۆرستە خەلکی سادەیشی بەهۆش هێنا .

ئەم کارە قێزەوێنە کە کۆمەلگای ڕاچەڵەکان ،ئەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە ئیسلام و ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی پەلە بکرێ لەوەی کە زەمەن کورت بکەینەوە بۆ دوورخستنەوەی ئیسلام لە داریشتنی چوارچێوەیەک بۆ جێگەی ورێگەی مرۆڤ . ئەگەر بەرەیەکی فراوان درووست بکرێ لە دژایەتی کردنی . من بەم شێوەیە قسەی خۆم لەسەر ڕووداوەکە ئەکەم و باسی چەند بنەمایەک ئەکەم ، هەوڵ ئەدەم ئەو بنەمایانە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەشتن لە هۆی سەرهەلدانی وە یاخود چۆنییەتی ڕێ بەم ئیسلامی سیاسییە بگرین ، و ڕەنگە وە ک پرسیار زۆر لایەن شیبکەمەوە و وەلام وەرگرین :

1 _ ئیسلام . و مێژووی ئیسلام .

ئیسلام بەهەموو بەش و جۆرە مەزهەبەکانییەوە و لەهەممو کات و ساتێکدا باوەریان بە بیرۆکەیەک هەیە لە سەرەوەی بیرکردنەوەکان و پەیوەندییەکاني مرۆڤە و ئەم بیرۆکە ڕەهایە سەرچاوەی هەموو خۆشی و ناخۆشییەکی ئینسانە و سەرچاوەی زانین ودۆزینەوە نهێنییەکانی کۆمەڵگەیە و خاوەن قسەی یەکەم و کۆتاییە . بۆیە هەر بیرکردنەوەیەک یان ئاواتێک یان خۆماندووکردنێک بۆ وەدەستهێنانی کارێک یان دەستکەوتێک کە بگونجێ لەگەل تێڕوارینی سەردەم ، پێوەر ئەکرێ بە نزیکی و دووری ئەم کارە لەگەل تەریب بوون و ناتەریببوون لەگەل سەرچاوەی زانست و سەرچاوەی نهێنییەکان کە دەقەکانە، و وێنەی خوای تێدایە ،و هێلە گشتیەکانی سیاسەتی بەدی ئەکرێ و دانراوە و هەتا هەموو ئەگەنە بەر عەرشی ئەو . ئینسان و بیرکردنەوەی ،

کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی ، پەیوەندی ئینسان بە دەرەوەی خۆی ، جەسد و رەنگدانەوەی کارەکانی جەسەد ، هەموو ئەمانە لەبازنەیەکدا ئەبێ بسوورێنەوە کەملکەچبن بە بریارێک شوێنی رەخنەی تێدا نییە . ئەو نامەی کە لە توێ دەقەکاندا بەدی ئەکەی نامەیەکە بۆ ملکەچ کردنی مرۆڤ بۆ ئاسمان و پیرۆز و بێ ئیرادەکردنی مرۆڤ و نامەکە پرە لە کۆت و زنجیر. و تەنانەت رەوشتیش و کارە دەربرینەکان پەیوەستە بە نزیکبوون و دوورکەوتنەوەی لە دەقەکاندا ، وێراي ئەوە رۆژ بەرۆژ ئەو دەقە توانای نییە خۆی بگرێ نەک بەرانبەر زانست و دۆزینەوەکانی مرۆڤایەتی بگرە بێدەسەڵاتە تەنانەت بەرامبەر خوێندنەوەی مێژووی خۆی و نووسینەوەی مێژوویش . مێژووی ئیسلام پرە لەم کردەوانەی شێخ زانا و لەمە زۆرتر و درندانەتریش لە هەموو سەردەمەکاندا و سەردەمی عەباسیش کە ئیسلامییەکان بەسەردەمی زێرینی دا ئەنن .

( ئێمە ترس و وەحشەت ئەخەینە ناو دل و هەناوی کافران و بێبروایانن جا بەتوندی بکوتن بەناو تەوقی سەریاندا و هەموو پەنجەکانیان ورد بکەن ) ئایەتی **12** سوەرەتی ئەنفال ، ئاخر ئەگەر ئەمە دەستوری کارت بێت ، ئەمە ئیلهام بەخش بێت بۆ خۆشگوزەرانی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ، ئەمە حۆریت بۆ بێنێ و روبارێک لە شەراب ئەلتەهوور بە پێش ماڵتاندا بروات و نزیکت بخاتەوە لە خوا ورەزامەندی پێغەمبەر ، چۆن شێخ زانا بە بەرهەم ناهێت ؟ چۆن جەستەی مرۆڤ لەت لەت ناکەن بۆ نزیکبوونەوە لە دەقەکان ؟ چۆن مەجال قەبوولکردنی رەنگێکی تر ئەبێت ؟ چۆن هەموو دۆزینەوەکان و بەرهەمی مرۆڤایەتی رەت ناکاتەوە ؟ هەر ئەم ئاوازەیە کە دەسەڵاتي ئیسلامی کۆن و تازە بە هەموو سەردەمەکانییەوە رەوشت و یاسای ئیسلامیان کردە پەیرەوێک بۆ وشککردنی سەرچاوەی هەر دەنگێک کە ئینسان و ئاواتەکانی لە ئاسمان بە پیرۆز تر دابنێت . نەک سەرهەلدانی ئەم گروپە تیرورستانەو ئیسلامی سیاسی ، بگرە دەسەلاتی ئیسلامی لەسەرهەڵدانییەوە سەدان کردەوەی لەمەی یاشێخی زۆرتر تێدایە ، چی وەک تاک ئەگەر هاوارێکی کردبێ ، یان ئارەزووەکەی خۆی بانگەشەکردووە ، چی وەک کۆمەل و نەتەوەکان و نەیارانیان کە سەر بە ئاینیی تر بوونە لەکاتی بڵاو بوونەوەی ئیسلامی ، ئەلێرە کاتی ئەوە نییە هەمووی باس بکەم ، بەلام بەردەوام ئەبم لە گێرانەوەیان ، نموونە ئەهێنمەوە . کوشتنی 3 لە خەلیفەکان بە دەستی موسڵمانان و شەرەکانی نێوان هەموو بەشەکانی دەسەڵات یان گروپە ئیسلامییەکان و شەر بەهەموو فێڵەکانییەوە لەسەر خەلافەت و هێرشە درندانەکانیان بۆ سەر یەهودییەکان و سەربرین و کوشتن و وێرانکردنی بەنو قورەیزە و بەنی قنینیقاع و بەنی نەزیر وسەدان نمونەی دی . بەم شێوەیە ئیسلامیان بە دونیا ناسان ،( دوای مردنی پێغەمبەر ، ئەبوبەکر هێرشی کردە سەر سوریا لە سالی **634** زاینی لەم هێرشە سوپای موسلمانان **4000** کەسیان لە مەسیحی و یەهودی کوشت و لە ناوچەی میزۆبۆتامیا ساڵی **635**و **642** هەموو چێگەو شوێنی خواپەرستیان سوتاند . و عومەر بن عاس کە مسری داگیرکرد وای بە خەلکی مسر کرد فەرعوونیش واینەکرد بە جولەکەکان ، بەزەییان بە ژن و منالدا نەهات . داگیرکردنی سەند و هند لە کاتی حەجاج بن یوسف ئەلسەقەفی داستانێکە لە توند و تیژی کە لوتکەی جیهادە ، و سەرکردەی سوپای حەجاج لە سەند ، ساڵی 712 ز محەمەد قاسم بوو ، حەجاج ئەمری پێکرد کە وێرانکاری بەسەر کافرەکاندا بهێنێ هەتا شایەتمان ئەهێنن و هەرکەسێ موسلمان نەبوو بیکوژێ ،بەڵام سەرکردەی سوپا بە سەربازەکانی ووت سێ رۆژ مۆڵەتیان بدەنێ ، ئەمە بەدڵی حەجاج نەبوو و نامەیەکی بۆ سەرکردەکە نووسی و بە بیری هێنایەوە کە خوا ئەڵێ ( جا کاتێ لەگەڵ کافرەکاندا رووبەرو بن لەملیان بدەن تا تەواوی تێکیان دەشکێنی ،جا توند بیانبەستن ) ئایەتی 4 سورەتی محەمەد . ودووبارەی کردەوە کە فرمانەکەی ئەوەیە کە پیاوانی جەنگاوەر بکوژن و ژن و منالەکان بە دیلی ببەن ، بۆیە سوپای ئیسلامی کە چوونە ناو شاری ( برهاماباد ) محەمەد قاسم ئەمری کرد بەسەربرینی هەر پیاوێک کە پەیوەندی هەبی بە ( سەربازی ) ، مەزەنە ئەکرێ ئەوانەی کە سەریان لەلەشیان بووەوە نزیکەی 6 هەزار مرۆڤ بوو، و هەندێ ئەلێن 16 هەزار .

کارەساتی هند لەوە کەمتر نەبوو هەر وەها ئەندلسیش . ئەنجامی ئەم جیهادە ئیسلام بڵا بووەوە لە دورگەی ئەرەبی و باکووری ئەفریقیاو تورکیا و هند و سند و ئەرمینیا و وفارس و ئەندەلوس و کوردستان ، گومانی تیادا نییە هەموو دانیشتووانی ئەو ولاتانە لە ژێر ترس و تۆقاندن و جزیە بوونە موسڵمان و ریگەی تریان نەبوو و کەسیش قەناعتیانی پێنەهێنان لە ڕیگەی دیالۆکەوە ) (1). بێنە پێشچاوی خۆت ئەگەر ئێستە ئسپانیا لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا بووایە ئەم ئسپانیای ئێستە ئەبوو ؟ خۆ مەغرب چەند کێلومەترێک لە ئسپانیاوە دوورە خۆتان حوکم بدەن . سەردەمی عەباسی کە بە سەردەمی زیرین دائەنرێ مەبەست دەولەتی عەباسییە، مەعلومە جییان کردە موعتەزیلەکان ، یەکەم کەس کە کوژرا جاد بن درهم بوو، و هەر کەسێ کە گومانی بێباوەریان لێبکردایە ئەکوژرا ، ئبن مۆقەنەعیان کوشت و هەروەها ئبن ئەبی عەوجاع و بەشار بن بەردی شاعریان کوشت لە سالی 784 و ساڵەح بن عەبدولقەدۆس ساڵی 783 و ئەبو عیسا محەمەد بن هارون ئەلوەراق ، و ئەزانین بەچی شێوەیەکی درندانە یاریان بە جەسەدی حوسین بن مەنسور ( ئەلحەلاج ) کرد (2)، خۆ خەلیفە بوون و شەوانە لەزگری خوا نەئەخەوتن .

شێخ زانا قوتابییەکی بە ئەمەکی جۆری جەسەد لەت لەتکردن و یاری بە کوشتنیی ئینسان بوو کە لە مێژووی ئیسلامدا بووە و بەدەیان جۆر هەبوو وەک ( 1– هەڵگردنی سەربڕاوەکان لە عومەر بن ئەلحەمق بگرە هەتا حوسێن بن ئەلی 2– لێدان بە قامچی 3– لەت لەتکردنی ئەندامانی لەش 4–پێست داماڵین 5–لەسێدارەدان بەسوتاندن کە بە ئەمری ئەبوبەکر کەسێک سوتێنرا بەناو ئەلفوجائە سەلما و دەیانی تر، یەکێ لەو شێوە نائنسانییانە بەکاریان ئەهێنا ، ئازاردان لەرێگەی سیکسەوە ، بیئەمر الله ی فاتمییەکان ، سواری کەری ئەبوو و لەبازاردا ئەسورایەوە ، وبیویستایە هەر کەسی تەمێ بکات یان کەسێکی بەدڵ نەبووایە بە پاسەوانەکەی ئەوت کە کویلەیەکی رەش پێست بوو ،سواریبە ، ئەمە رەفتاری حاکمێکە (3) .

لەسەردەمی نوێدا دکتۆر حوسێن مروە و فەرەج فۆدە ( ئەوەی فەرج فۆدەی کوشت بە فەتوای عمر عبدالرحمن ، دادوەرەکە لێپرسی بۆ کوشتت ؟ وتی عەلمانییە ، دادوەر وتی ئەزانی عەلمانییە مانای چییە ؟ وتی نەء ، ) و مەهدی عامل و مەحمود محەمەد تەها کە لەساڵی 1985 لە سێدارە درا بە پێشنیار و بەشداری( حەسەن تورابی ) و عەبدلخالق مەعروف و مامۆستا سەڵاح هەورامی و هاورێان شاپور و قابیل و نەزیر عومەر و لستێکی زۆر لە کەسانی خاوەن هەلوێست کە قسەیان هەبوو لەسەر ئازادی و خوشبەختەوەری ومێژوو و شارستانییەت . وهەرەشەیان لە دکتۆر مەحموود ئەلقەمەنی و ناسر حامد ئەبوو زەید و سەلمان روشدی و عەفیف ئەلئەخزەر و شێرکۆ بێکەس و رێبوار ئەحمەد و سەدانی تر و بریندارکردنی نەجیب مەحفوز، سەیر ئەوەیە ئەوەی نەجیب مەحفوزی بریندار کرد ، کە پرسیاریان لێکرد بۆ ئەتەوێ بیکوژی ؟ وتی لەسەر نوسینەکانی ، وتیان خوێندودەتەوە ؟ وتی نەء .

گۆرانیبێژێکی پێاو ،بۆ ئەمینی خەلیفە جەند دێر شعرێکی وت بەسەر کوڕێکی جواندا ،ئەمین هەستا و باوشی کردە گۆرانیبێژەکە و سەری ماچ کرد و 20 ملیۆن درهمی داپێی ، ئەمە بەس بۆ ئەوەی کە شعری بەسەر کوڕێک ( غلمان ) وتووە ،ئەگەر لە تۆێی دەق هەستی نەکردبێ کە غولمان قەدەغە نییە (4)، چۆن وا بە ئاشکرا ئەم کردەوەی لێی ئەوەشێتەوە ؟ ( تازە لاوانێک هەمیشە بۆ خیزمەت بەوان بە دەوری ئەوان دەگەرێن ، دەڵێی مرواری نێو سەدەفن ( لە جوانی ) ) ئایەتی 24 لە سورەتی الطور . ئەمانە تەنها میشتێکن لە خەرمانێک .

ئیسلام وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و وەک بیر و باوەرێک کە جیهانییە ، ئەلتەرانتیفی هەیە بۆ هەموو مەسەلەکانی ژیان و ریگە چارەی داناوە بە بیر و باوەری خۆی لە رێگەی ملک کەچ کردن بۆ ئاسمان و کۆیلە بوون . و لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم دونیایەدا بەشداری ئەکات، قسەی هەیە بۆ دەسەڵات ، قسەی هەیە لەسەر دوارۆژ لەسەر پەروەردەو فێرکردن و لەسەر مەسەلە کۆمەڵایتییەکان ، لەسەر جێگەو رێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگە ، هەڵبەتە لە روانگەی ئەو دەقانەوە کە موقەدەسن و لەسەرەوەی رەخنەوەن و کۆیلە کردنی مرۆڤ هێلی پانیانە ، بۆ مەسەلە کۆمەلایتییەکانیش ، پشت مێژوو و بەستن جی وەک لەدەقەکاندا و لە دەستوردا هاتووە وەچی وەک وبیرکردنەوەی تاک لەناو گروپە ئیسلامییەکاندا ، پێوستییەکانی مرۆڤ و هیواو و ئاواتی ئینسان گرنگی نییە . بە بەردەوامی قسە لەسەر ئەخلاق و خواپەرستی و کەڵەکە کردنی سەرمایی و وەستاندنەوە بەرامبەر هەر دەنگێکی ئازاد هێڵی سەرەکییانە بۆ مانەوەیان . ولە هەر بەشێکی ئەم کۆمەڵگە بوونی هەیە . بۆیە وەستانەوە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی وە یان بە کنارخستنی ئیسلام ئەبێ لە هەموو بەشەکانەوە دەستپێبکری . و ناکرێ تەنها قورسایی بخرێتە سەر کەناڵێک و بەشەکانی تری کۆمەڵگە قسەمان نەبێ لەسەری . ناکرێ باس لەوە نەکەین جی دەستۆرێک بەرێوە ئەچێت و خەڵکی تاچەند بەهرەمەندن لە پێوەستییەکان وئازادی تاکە کەس لەچی ئاستێکدایە و وەزعییەتی ژنان چۆن چارەسەر ئەکەین .

ئاین ئەبێ لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە و لە هەموو دام و دەزگا دەوڵەتییەکان ، دەوڵەت موچە دابین نەکات بۆپێاوانی ئاینی و ئەو هەموو پارەیە بۆ حوسەینییە و شوێنی خوا پەرستی ئەبێ ئەرکی حوکمەت نەبێت . ئەبێ باس کردن لەسەر ئیسلام وەک بەڵگەنامەیەکی مێژووی بێت کە لە کات و ساتێکی دیاری کراو و زەرۆرەتی ئەو سەردەمە ، دانانی بابەتی ئاینی بەراورد لە قۆناخەکانی خوێندن وەک چۆن ئەدەبی بەراورد هەیە کە باس لەسەر هەڵدانی هەموو ئاینەکان بکات ، وەک بابتێکی مێژوی لەگەڵ باس کردنی ئەو داستان و چیرۆکە کۆنانە کە هەمان چیرۆکەکانی تەورات و ئنجیل و قورئانە ، وەرگێران و بڵاوکردنەوەی ئەو پەرتوک و نووسینانە کە زانستییانە رەخنە لە ئیسلام ئەگرن ،ئەمانە کاری دەوڵەتە ، بەڵام ئەبی سەنگەرێک لە علمانییەت و ئازادیخوازان دروست بکرێ و فشار بخەنە سەر دەسەڵات ،و باردۆخەکە لەبارە بۆ ئەم مەسەلەیە .

ئیسلامیان پەیوەست کردووە بە نەتەوەی ئەرەبی و زمانی ئەرەبی و شارستانییەت و مێژوو و کەلتوری ئەرەبی ، بۆیە هەر رەخنەیک لە ئیسلام بگرین ئەبێتە رەخنە لە ئەرەب ، وە وایان ئەوێ ، ئەمە بابەتێکی زۆر فراوان ئەبی لێرە ناکرێ باسی لێوە بکەین . ئیسلام هیچی تازەی نەهێناوە ئەگەر لە ژیانی ئەو ناوچە نەبێت یان نەیان بیستبێ ، ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد

وبابەتیانە و چینایتیمان هەبێ بۆ مێژووی ئەو ناوچەیە ، ( هەتا ئاغایاکمان هەبێ لە ئاسمان ، ئێمە هەر بەکۆیلەیتی ئەمێنینەوە ) 4.

2- کۆمەڵگە ؛

کۆمەڵەگە لە چی ئاستێکدا دەژی ، رادەی رۆشنبیری، زانست ، رێژەی نەخوێندەواری، تا چەند کۆمەڵگەی کوردستان سەقامگیرە ؟ لە هەموو روویەکەوە، سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەلایتی ، ئابوری . ومێژووی ئەم پارچەیە چەندێ یارمەتیدەر بووە ؟ بۆ ئاسوودەی ،شار و دێ چی پێناسەیەکی هەیە و چەند جیاوازن و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانیان تا چەند بە رۆشنی دەر ئەکەوێ و رۆشنە ،کۆمەڵگەی کوردستان لە چیٚ قۆناخێکدایە ؟، لە مێژووی شارمان یان هەر مێژوومان چی لایەنێک قورسایی هەیە ؟ ، و چۆن دەرکەووتوە ، چی هاوچەشن و تەریبون هەیە لە کۆمەڵگەی کوردستان ؟ لە هەموو کەناڵەکانەوە، نەک بەراورد لە نێو بەشەکانی تری کوردستان بگرە لە نێو کوردستانی ئێراق بەتایابتی لە نێوی شارەکانی ؟ باری ئابوری و کۆمەلایاتی و رۆشنبیری و تەنانات زمانیش ،چی قۆناخێک لە هەموو سەردەمەکانی کوردستان سەقامگیر بوە ؟ ئەلێرە مەبستم لە هەموو لایانکانی ژیان وەک کۆمەلگەیەکی نۆرماڵ کە ژیان بەسەر ببات ، کام لەم سەردەمانە پێوەرە ؟ لە چی ئاستێکی شارستانییەتدا ئەژین ؟ بەشاکانی مەعریفەت بەرەو کوێ هەنگاو ئەنێ و کار و کردەوەکانی لەسەر کۆمەڵگە و بەچی ئامرێزی کار ئەکەن و لە کوی وەستاون ؟ پەروەردە و فێرکردن لەچی پلەیەکی هەنگاو نانە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەی کە خولیایەتی و ئایە کۆمەڵگە نزیک بووەتەوە لە ژیانی زانکۆ ؟ مانای قۆتابی کە لە زانکۆ دەر ئەچی هەست بە نامۆ بوون ناکات ؟ یان کۆمەڵگە خەریکە ژیانی زانکۆ رائەهێنی بۆ پەیوەندییە کۆمەلایتیەکانی کە لە چاو زانکۆدا دواکەوتووە ، چۆنکە ئەو کۆمەڵگانەی ئەو ناوچەیە زۆر لە دوای زانکۆوەن . چی بەشێک لە مێژوی سیاسی کوردستان بە پێوەر دابنرێ بۆ ئەوەی بزانین چی کراوە و چۆن دەسەڵات مامالەی کردووە لەگەڵ خەڵک و روداوە دەرەکییەکان و کەی چێگەو ورێگەی مرۆڤ لەهەموو سەردەمەکانی دەسەلاتی کوردی چێی مەبەست بووە یان گرنگ بووە ؟

هەر نۆسینێک لەسەر هەر مەسەلیەک کە پەیوەستبێت بە کۆمەڵگەی کوردستان و دەسەڵات بە بێ باس کردنی ئەم 15 ساڵە لە تەمەن ، مەحاڵە مەبەستەکە بپێکین و رێگە خۆشکەربین بۆ ژیانێکی باشتر تێبگەین . هەموو ئەوانەی کە باسم لێکرد و وەک پرسیار هێنامەوە ، پەیوەستە بە خودی مرۆڤەوە ، و چێگەو رێگەی و هیواو ئاوەتەکانی مەبەستە ، چۆنکە بە هەموو ئەو جیاوازییانە و سەردەمانە چینێک هەیە خوازیاری ژیانێکە کە سبەینێی لێ نەبێتە جەهەنم و خۆی نەشارێتەوە لە پرسیاری منالەکانی ، خیتابی دەسەلات لە ماوەی ئەم 15 ساڵە بۆ هەموو کەنالاکانی کۆمەڵگە چی ئاسودەیک و بروا بوون بە دەسەلاتی بەهێز کرد لە لایەن خەڵکەوە؟ مرۆڤ لەم تەمەنە کە لە رووی کار کردن وەیاخود گۆران 15 ساڵ کەم نییە ، ئەگەر دەسەڵاتەکە نەزۆک نەبێ . لەم تەمەنە گەیشتووەتە چی ئاستێک بۆ هەنگاو نان بەرەو خۆدۆزینەوە لە بەهرەمەندبوون لە پێویستییەکانی ژیان لە پێویستییە فیسۆلۆجییەکانەوە بە تێپەربوون لە بەهرەمەندبوون لە پۆشاک و خۆراک ۆ شوێنی حەوانەوە کە سادەترین مافی مانەوەیە ،

دەسەلات کەی هاوسەنگەر بووە لەگەڵ ئەوانەی کە ئەڵێن ئەو بیر و باوەرە نەگۆرانە کە بۆ کات و شوێنێک وترابێ ناگونجێ لەگەڵ دونیای ئەمرۆ و ئەگەر راستییەک هەبێ لە هەندێ بەشی تەنها رەنگدانەوەی ئەو زەمەنەیە ، دەسەلات کەی رێگەی خۆشکردووە بۆ هاتنە مەیدانی بەرەیک کە بتوانن ئازادانە دژ بە دەسەلاتی مێژوو و پیرۆز و دەسەلاتی توند و تیژی و سەرکوت و نەبوونی ئازادی و دەسەلاتی سامان و پارە و کەیف و سەفا بوەستن . بگرە خودی دەسەلات بەشدارە وپشتگیری ئەکات بەدەیان شێوە . دەسەلات کەی توانیوێتی پێناسەی هاولاتی بکات و هاولاتی هەست بە بوونی خوی بکات وەک بوونێکی کۆمەلایەتی ،دەرگای دەسەلاتی لەماوەی ئەم 15 ساڵە بۆ کێ ئاڵاوە بووە چگە لە شێخ زاناکان بە تازە و کۆنیانەوە بە عەمامە و بۆێنباخیانەوە ، پەروەردە و فێرکردن لە دەسەلاتی حزبی رزگاری بووە هەتا دەسەلات توانای هەبێ لە ئاین و بیر و باوەری کۆنەپەرسانە رزگاری بکات . خەڵکی کوردستان لە گێژاوی ناهاولاتی بوونن ، لە ماوەی ئەم 15 ساڵە کە نەبشێک بوون لە ئێراق و نە سەربەخۆیش بوون ، ئەمە پاڵپشتێک بوو بۆ باوەر نەبوون بەخۆ و بە دەسەلات ، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان نارەستەوخۆ . سەربەخۆی بەهەموو بەشەکانییوە لاوازە و لەهەندێ لایەن بگرە نییە تەنها خۆشباوەوری دەسەلاتە، شێخ زانا بەرهەمی دەسەلاتە و بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیە کە دەسەلات نەیویست زەمینە خۆش بکات بۆ ژیانێکی باشتر و بوێری لای مرۆڤ بەهێز بکات چونکە ترسی دەسەلات لەوەیە کە بەرەیکی ئازاد و بوێر هەبێ ، بۆیە لە هەندێ رووەوە دەسەلات و ئەو گرۆپە هاوکارن بە شیوەیەکی تر .

ناتوانینن کێشە کۆمەڵایتییەکان لەیەک جیابکەینەوە ، تەنانەت وەک تاکە کەسیش . و ئەگەر وابیربکەینەوە . کە ئەمە کاری تاکە کەسە و دووره لەوانەی کە باسم کرد ، ئەبێ چارەسەرەکەیش هەر روو لە تاک بێت و بەشەکانی تری کۆمەڵگە باسی لێنەکری و دەسەڵاتیش ئەمەی ئەوی .

میدیا کە رەنگدانەوەی سیاسەتی دەسەڵاتە، چی رۆڵێکی بینی و ئەبینێ لە بەرەوپێشچونی ئازادی ؟ ومەودای ئازادی چەندە لە ناو دەسەڵاتدا؟ بوونی ئازادی دەربرین و رۆژنامە و هەموو بەشەکانی دەنگ و رەنگ تەنها بەوە نییە کە چەند رۆژنامە هەیە و چەند بەشەکانی راگەیاندن هەیە یان چەند رۆژنامەی ئۆپۆسزیۆن هەیە ، رەنگە ئەمە بەشێکی بێت ، بەڵام بەشەکەی تری پەیوەستە بە ئەو میدیایەی کە دەسەڵات بەرێوەی ئەبات ، چەندە ئازادە لە رەخنەگرتن لە دەسەڵات لە دوور کەوتنەوە لە جوانکردنی شێوەی دەسەڵات ، ئەلێرە لەماوەی ئەم 15 ساڵە قسەیەکی نەبووە بەرامبەر هەڵسوکەوتی دەسەڵات لەوهەموو کردەوە نادروستانە و ئەو هەموو ساتو سەودا کردنە لەگەڵ دەسەڵاتە درندەکانی ناوچەکە ، لەو هەموو کۆکردنەوەی سەروەت وسامانە ،کەی رەخنەی گرتووە لە شەڕی دەسەڵات ، لەسەر داخستنی رۆژنامەکان لە دادگای کردنی رۆژنامەنوسەکان ،کەی میدیای دەسەلات باسی لەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کردوە ؟، باسی ئەوە ناکام هەڵوێست و قسەی نەبووە لەسەر ئاین، نەک هەر ئەوەی کە باس لەجیابونەوەی ئاین بکات ، بگرە نەیتوانییە تەنانت خوێندنەوەی هەبی بۆ مێژووی ئیسلام لەروانگەی سەردەمەوە ،میدیا چۆن کارە دژ بە شارستانییەت و مرۆڤایەتییەکەی شێخ زانای هەڵسەنگان وچۆن بەردەوام بوو لە گێرانەوەی ، میدیای دەسەڵات چی هەڵوێستێکی هەبوو و چۆن مامەڵەی کرد لەگەڵ پێکاهاتە و ئاکەمەکانی ئەم رووداوە و تاچەند ئازاد بوو لە باسکردنی هۆکانی سەرهەڵدانی ئەو گروپە ؟ زۆربەی چاوپێکەوتنەکان و گێرانەوەی رووداوەکە ئەیانبردەوەو بۆ کردەوەی تاک و بیرکردنەوەی ، وئەیانبچران لە مێژوو و کاری ئیسلام وەک ئاین وەک بەرنامەی ئیسلامی سیاسی . تەنانەت میدیا هەوڵی ئەدا کە لەروانگەی ئیسلامەوە رەخنە بگری لەو گروپە ، ئەگەر زۆر زیرەکیش بوونایە ئەوا شەڕەکەیان ئەکردە نێوان ئایەتەکانی مەکە و ئایاتەکانی مەدینە ، چونکە ئایاتاکانی مەکە باسی لەدەسەڵات نییە و زۆر نزیکە لە ئاینی مەسیح و چولەکەوە ،و باس لە پەروەردەی رۆح ئەکات . میدیا چەندێ کەسانی عەلمانییەت و کەسانێک کە قسەیان هەیە لەسەر ئاین و خوێندنەوەیەکی ئابوری، فەرهەنگی ، مێژووییان هەیە بۆ روداوەکان و بۆ ئیسلامی سیاسی، هاتنە سەر کەناڵەکانی راگەیاندن؟ و چەند ئازاد بوون لە شیکردنەوە و باسکردنی روداوەوکان بەرامبەر لایەنگرانی ئاین ، تەنانات جۆری پرسیارەکان چۆن بەشێوەیەکی راستە و خۆ وناراستەو خۆ پاکانای بۆ ئیسلام و مێژووی ئیسلام ئەکرت . ئەلێرە لەگەل دانتی ئەڵێم ( بنی جەهەنم گیراوە بۆ ئەو کەسانەی کە بێلایەنن لەکاتێکدا بەها مرۆڤایەتییەکان لە مەترسیدان )

---

سەرچاوەکان
1- لاپەرە 164 بەشی نۆیەم جیهاد و بلاو بوونەوەی ئیسلام ، د . کامل ئەلنەجار ( قراءە نقدیە للاسلام ) کتاب ینشر لاول مرە .

2- لاپەرە 2 هەمان سەرچاوە .
3- هادی ئەلعەلەوی ( فصول من تاریخ الاسلام السیاسی ) چاپی یەکەم ، بەشی هونەرەکانی ئەشکەنجەو پاڵەوانەکانی ، لاپەرە 295

4- وعاض السلاطین ، د ، علی الوردی ، لاپەرە 43